| English | Kurdish (Sorani) (سۆرانی) کوردی |
|---|---|
| **We are called NHS 24.**<br><br>**Our phone number is 111. It is free to call.**<br><br>You can phone us if you feel ill and your doctor is closed.<br><br>This may be at night or the weekend.<br><br>Phone us if you need help and cannot wait until your doctor opens again.<br><br>You can also phone for someone else who is ill if they can't speak to us.<br><br>But if you or someone else is very ill and needs help very quickly, call 999 and ask for an ambulance. | **ئێمە پێمان دەوترێت ئێن ئێچ ئێس 24.**<br><br>**ژمارە تەلەفونی ئێمە ئەمەیە: 111. تەلەفونکردن بۆ ئەو ژمارەیە بێ بەرامبەرە**<br><br>ئەگەر هەستت بەوە کرد کە نەخۆشیت و نۆڕینگەی دوکتۆرەکەت داخرابوو دەتوانیت تەلەفون بۆ ئێمە بکەیت.<br><br>ئەوە لەوانەیە بە شەو یان لە کۆتایی هەفتەدا بێت.<br><br>تەلەفون بۆ ئێمە بکە ئەگەر پێویستیت بە یارمەتییە و ناتوانیت چاوەڕوانی بکەیت هەتا نۆڕینگەی دوکتۆرەکەت جارێکی تر دەکرێتەوە.<br><br>تۆ هەروەها دەتوانیت لەبری کەسێکی تر تەلەفون بکەیت کە نەخۆش بێت و نەتوانێت لەگەڵ ئێمە قسە بکات. |

| | |
|---|---|
| | بەڵام ئەگەر تۆ خۆت یان کەسێکی تر زۆر نەخۆش بوون و زۆر بە خێرایی پێویستیتان بە یارمەتی بوو، تەلەفون بکە بۆ 999 و داوای ئەمبوڵانس بکە. |
| **How can we help?**<br><br>We will tell you what care you can get.<br><br>We may say<br><br>• There is a doctor that you can see<br>• You should go to hospital<br>• There are some things you can do to feel better | **ئایا ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیتان بدەین؟**<br><br>ئێمە پێت دەڵێین تۆ دەتوانیت چ سەرپەرشتییەک بەدەست بهێنیت.<br><br>ئێمە لەوانەیە بڵێین<br><br>• دوکتۆرێک هەیە کە تۆ دەتوانیت بچیت بۆلای<br>• تۆ دەبێت بچێت بۆ نەخۆشخانە<br>• هەندێک شت هەیە کە تۆ دەتوانیت بیانکەیت بۆئەوەی باشتر ببیت |
| **What will happen when you call 111?**<br><br>1. Dial 111 and press 9 on your phone to continue.<br>2. Press 1 to listen to our menu options in a different language.<br>3. For Sorani press 6.<br>4. When a person answers your call, say in English, "I speak Sorani. I need an interpreter. My telephone number is xxxx". This means I speak Sorani. I need an interpreter. My telephone number is xxxx.<br>5. Please stay on the line and wait for an interpreter to join the call. | **ئایا چ شتێک ڕوو دەدات کاتێک تەلەفون بۆ 111 دەکەیت؟**<br><br>1. 111 لێبدە و پەنجە بنێ بە ژمارە 9 دا لەسەر تەلەفونەکەت بۆئەوەی بەردەوام بێت.<br>2. پەنجە بنێ بە ژمارە 1 دا بۆ گوێگرتن لە بژاردەکانی پێرستەکەمان بە زمانێکی جیاواز.<br>3. بۆ سۆرانی پەنجە بنێ بە ژمارە 6 دا.<br>4. کاتێک کەسێک وەڵامی تەلەفونەکەتی دایەوە، بە ئینگلیزی بڵێ، "I speak Sorani. I need an interpreter. My telephone number is xxxx".<br><br>ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە من بە کوردی سۆرانی قسە دەکەم. من پێویستیم بە وەرگێرە. ژمارە تەلەفونەکەم ئەمەیە xxxx. |

| | |
|---|---|
| | 5. تکایە لەسەر هێڵەکە بمێنەرەوە و چاوەڕوانی وەرگێڕێک بە بۆئەوەی لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەدا لەگەڵتان بێت. |
| There is more information in Kurdish Sorani on our website. Go to [www.nhsinform.scot/translations/languages/kurdish-sorani/](www.nhsinform.scot/translations/languages/kurdish-sorani/) | لەسەر ماڵپەڕەکەمان زانیاری زیاتر بە کوردی سۆرانی بەردەستە. بچۆرە سەر [www.nhsinform.scot/translations/languages/kurdish-sorani/](www.nhsinform.scot/translations/languages/kurdish-sorani/) |
| April 2022 | مانگی چواری 2022 |